

دیسان ، ڕژیمی ئیسلامی ئیران و Terrorism ڕە شە کۆژی!

تێروریسم یان کردەوەکانی ڕە شە کۆژی کوماری ئیسلامی ئێران ، جورە تەکتیککی سیاسەتی پاکتاو کردنە ، دژی جودا بیران. کردەوەی تێروریستی کار گێڕانی ڕژیم ، بە بێ سنوور، لە نێو هەر کومەڵگایەك ولە هەر کەلێنێکی پانتایی ئەم جیهانەدا بەردەوام لە ڕوژاڤدایە.
ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ وەدەس هێنانی کەرەسەی تەیارکردن و سەرچاوەی ڕێخەری ئەم سیناریو مروڤکوژیە تا کوو ئێستا لە دوو سەرچاوەی سەرمایەی ماڵی ومێشکیەو سوودی وەرگرتووە: یەکەم کەڵك وەرگرتن لە ساکارو سەغیربوونی باوەڕی ئاینی « ئومەتی ئیسلامی» و بە دارده س کردنی «ئومەت» بۆ ئەم مەبەستەیە. دووهەم بەکار هێنانی داهاتی سامانە سروشتیەکانی گاز و نەوت... کە لەم ڕێڕەوەدا ، کاریگەری دراوی بە لێشاوی ئەم سامانە سروشتیە ، توانیویەتی هاو پەیمانی ئابووری و سیاسی دوو وڵاتی زلهێزی چین و ڕووسیا وەدە س بێنێ و هەر وەها هەرای بڵیندگۆکانی «مافی مروڤ» ودیاری « دێموکڕاسی» ئەمریکا و وڵاتانی دی ڕووژئاوا کەڕ و کپ بکات. لێرەدا بە گۆێرەی مێژووی ڕەوتی ڕووداوەکان بۆ نموونە، سەوداگەری و کەین وبەینی سیاسی، چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرای حوجەتوالئیسلام ئوباما سەروك کوماری ئەمریکا لە ئێراق وئێران ، نوێترینی بابەتە لەم بوارەدا، کە ئەمڕۆ بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە دەوڵەتی ئێراق لە بەرانبەر مافی ڕەوای کورددا، چارە نووسی کەرکووك و باقی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان،ڕادەستیی ڕێخراوی نێو نەتەوەیی دەکات بو موناقیسەو باس لە سەر کردن، نە بە ئاقاری سروشتی ڕووکردن لە سندوقی ڕا و دەنگی هەڵبژاردن بە شێوازی دێموکراتیك. هەروها پەك کەوتن و پشتگوێ خستنی تەبلیغاتی« مافی مرۆڤ» لە ژێر سێبەری سەودای کێشە و گێچەڵی ئەتۆمی ڕژیمی ڕەشەکۆژی ئێران زەق و بەرچاوە لەم بۆارەدا. هەرچەن تەکتیکی کەڕ و کوێر وخووێناویەی تێروری ڕژیمی ئیسلامی ئێران ، زۆر گرانبارە و پتر مروڤی چالاکیی سیاسی و ڕووناکبیران و نووسەرانی مروڤ دوستی نێو کومەڵگای کردوەتە نیشانە، بەڵام سیاسەتی بە کۆمەڵکۆژی بەندیخانەکانی ساڵی٦٧ە و قڕ کردنی « ئومەتیئیسلامی» لە گۆڕەپانی شەڕی ئێران و ئێراقد ا، تەکتیکی تیرور خستوە تە پەراوێزی سیاسەتەکانی شهادت خوازی« ئومەتی هەمیشە دەر سەحنەی» ویلایەتی فقیەوە. کە بەم زوانە لە پێناو خۆ ئاشکرا کردنی مێهدی زەمانەوە بەکاری دێنێ بۆ نهێشتنی زێڕ و زوڵم و زۆر لە جیهاندا.

بێگۆمان پەسەندی ئەم شێوازە تەکتیك و سیاسەتە ڕەشەکۆژیە لە لایەن سیاسەتگێڕانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە، لە سەر خۆدی ڕژیم هەمان کاردانەوەی هەبووە و بەربینگی پێگرتووە. چەن مانگ لەمو پێش هەژمارێك لە کارگێڕان و ملکجانی ڕوو لە دەرگای ڕژیم لە کوردستان کرانە ئامانجی تیرور لەم بوارەدا. واتە بە هەمان چەك کە ڕژیم بو خوی دژی نەیاران بەکاری دێنێ، دەکرێتە ئامێری تێرور، دژی دەس وپێوەندەکانی خۆی لەم ڕێڕەوەدا. هەمدیسان ڕژیم لە بەندی تۆڕو داوێك دەکەوێ کە بۆخۆی ڕاخەری بووە لە بواری پێشێل کردنی مافی نەتەوە بندە ستەکانی ئێراندا. ئەمجارە بەلووچستانە دەبێتە بۆسەی مەرگی پتر لە ٥٠ کارگێڕی سوپایی و سیاسیکاری ڕژیمی ئیسلامی ئێران، کە لەوێدا ٤ فەرماندەی هەرە باڵای هێزەکانی سۆپای پاسدارانی ئیسلامی دەکەوێتە ئەو بۆسەوە.

هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، سەرەڕای نەویستنی بینین و بیستنی ڕاستیەکانی دیاردەی ڕە شەکوژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن دەوڵەتانی زلهێزی جیهانیدا بەهۆی سەوداگەریەوە ، دیسان هەبوونی میدیای ئازاد و ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ، لە گۆڕەپانی ڕای گشتی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ، دەبێتە هۆکاری لە قاۆدانی سیاسەتی چەوتی نامروڤانەی دەوڵەتانی سەرەڕۆ لە کۆمەڵگای جیهانیدا. Håkan Boström ڕۆژنامەوان و لێکۆڵەوەری ڕۆژنامەی DN لە وڵاتی سوید، بابەتیکی لە بواری تێروریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران شروڤە کردووە کە ئێمە لێرەدا وەرگێڕاوی ئەو بابەتە دەخەینە بەر چاوی خۆێنەران.




**Terrorism: ڕە شەکۆژی دوو لایەنەی ئێران! DN چوارشەممە ٢٠٠٩،١٠،٢١ HÅKAN BOSTRÖM**

**ئەوەی کە ئاساییە ڕژیمی ئێران وەك یەکەمین سەرچاوەی داهاتی گرووپگەلی تیرۆر لە جیهاندا دەژمێردرێ. ئەنجامی خۆ کوژیەکەی ڕۆژی یەکشەممە دژی سۆپای پاسدارانی ئێران، ئەوە دەگەیەنێ کە هەمان تەبابەتی لەسەر تاقێ کرایەوە کە بۆ خۆی بە کاری دەهێنی. کردەوەی هێرش کردنە سەر سەروك هێزەکانی ڕژیم،٤٢ کۆژراوی لێکەوتەوە کە لە نێویاندا چن‌ها لە ئەفسەرانی پلە بەرزی تێدایە. ئەمە دە بێتە دۆڕانێکی گرانبایی پریستیژی کە لە سەری دەکەوێ. ئاوەها هەڕەشەیەکی نێوخۆ دژی ڕژیم لە تاران دووپات نابێتەوە. وێدەچێ ئەو گرووپەی لە پشت ئەو ڕووداوە ڕەشەکوژیەوە هەبێ ،«جوندولایە » کە پشتیوانی لە کەمینەی ئیسلامی سوننە مەزهەبی**

سیستان و بەلووچستان ،هاو سنووری پاکستان، وەر دەگرێ. ئەو گریلا سوننە مەزهەبانە لە ئێرانی زوربە شێعەدا ،ئاڵۆزی هەڵدەگرسێنێ لە نێوان وڵات و دراوسێکاندا.

سەرۆك كۆماری ئێران مەحموود ئەحمەدینیژاد چیدێ سکاڵەی ئەماوە بۆ هێرش بردنە سەر ڕێخراوە سیخۆڕیەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و پاکستان، بە وێنەی تالیبانی ئەفغانستان و ئەلقاعیدە.

پشتیوانی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا لە ڕێخراوەیەکی ڕەشەکوژی ئیسلامی ،کە لە هەمان کاتدا لە چەن جیبەی شەڕدا، دەرگیری گرووپگەلێکی لەو نەوعەن،بە تەواوی غیرە واقیعیە. بۆ نموونە هەرئێستا کە «جوندوڵا» لە گۆڕێدایە، ڕۆژئاوا و ئێران لە بەرانبەر کێشەی تالیبانی سۆننە مەزهەب ، لە ئەفغانستان و پاکستان و هەر وەها ئەلقاعیدە گرووپی ڕەشە کوژی سوننەی ئێراق، بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. بە تایبەت نە ئەمریکا و نە ئێران پێیان خۆشە کە ئەو ڕاستیە ڕوو بە دەرەوە دەربڕن. بەڵام ئێران دەوریکی گرینگی گێرا لە بەرەی ڕۆژئاوادا بە ڕێبەری ئەمریکا، لە هەر دوو کاتی ڕووخانی ڕژیمی تاڵیبان لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ و هەر وەها سەقامگیر کردنی دۆخی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٧دا.

ئێستا لە ژێر ئەو تیشکەدایە کە ئیدارەی ئووباما، پێوایە بەرانبەر بە ئێران پتر باری دیپلۆماسی ڕەچاو بکرێت. هەرچەن گیرۆدە بوونی ئەمریکا بە ئێران گێچەڵ سازە . بەشێکی ئەوەیە کە بەرهەڵستکارانی ئێرانی، تەنیا لە پشتیوانیەکی سنووردارى جیهانی کەڵك وەردەگرن. بەشێکی دیش ئەوەیە کە ئێران دەتوانێ لە بەهێز کردنی ئامانجی درێژخایەنی وتووێژەکان سەبارەت بە بەرنامەی چەکی ناوەکی دەور بگێڕێ کە هەر ئێستا لە گۆڕێدایە. ڕژیم لە تاران تا ئێستا توانیویەتی لە بەربەرەکانێ دژی تیرۆریزم سوود وەرگرێ و لە هەمان کاتدا بێوچان سەرمایە تەرخان بکا لە ڕێرەوی چالاکی ڕەشەکوژی گرووپی حەماس و حیزبواڵا دژی ئیسرایيل. ئەوە چەواشەکاریەکی حاشا هەڵنەگرە.

عەزیز ڕە زایی .

٢٠٠٩،١٠،٢٨